# مەسعود بارزانی پێشوازی لە نەقیبی پارێزەرانی عێراق دەکات

ئەمە یەکشەممە، لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان،پێشوازی لە ئەحلام ئەللامی نەقیبی پارێزەرانی عێراق و شاندەکی یاوەری کرد.

لەدیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخ و تەحەددیاتی بەردەم عێراق ئاوگەی کرا. هەروەها جەخت لە پێویستیی بەوچوونی کاروباری دەوڵەت لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دامودەزگای قەزایی کرایەوە.

لەبەشێکی تری ئەو دیدارەدا هەماهەنگیی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق لەپێناو گەیشتن بە تێگەیشتنی هاوبەش و سەقامگیریی خرایە بەر باس و گفتوگۆ.